# چالاکییەکان

سەنتەری کوردستان بۆ جێندەرناسی، یەکەمین سەنتەری ئەکادیمییە لە کوردستان، کە لە بواری جێندەرناسیدا کاردەکات. ئەم سەنتەرە لە لایەن ئاژانسی ( UN Women ,UNDP، ئەئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، وەزارەتی پلاندانان، زانکۆی سۆران)دامەزراوە و لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بە مەبەستی جەختکردنەوەو گشتگیرکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگادا، کاریان لە سەر دەکات.

لە رێکەوتی ٢٠١٥\٥\٢٤ بە پێی فەرمانی زانکۆیی، سەنتەری کوردستان لە زانکۆی سۆران دامەزرا.

### سەنتەرەکە لە سێ بەش پێك دێت:

راهێنان، توێژینەوە، پێداچوونەوە

١. بەشی راهێنان

a)ئەنجامدانی راهێنان لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

b)ئەنجامدانی سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ کەرتی حکومی، کەرتی تایبەت، رێکخراوە ناحکومییەکان.

c)گەشەپێدانی خوێندنی پرۆگرامی جێندەرناسی لە زانکۆی سۆران، وەکو پلانێکی درێژخایەنی سەنتەر.

d)دامەزراندنی کتێبخانەیەکی تایبەت بە سەنتەر لەگەل ئاسانکاری بۆ قوتابییان و توێژەران.

٢.بەشی توێژینەوە

a)هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەست بە جێندەرناسی لە کوردستان.

b) لەئەستۆگرتنی تیچوونی ماددی ئەو پێشنیارانەی، کە بۆ توێژینەوە لە بواری جێندەرناسیدا، پێشکەش دەکرێن.

c) بڵاوکردنەوەی دەرەنجامی توێژینەوەکان لە رۆژنامەو گۆڤارەکان.

d)کۆکردنەوەی زانیاری  بۆ دروست کردنی ئەرشیفێکی (ئۆن لاین) لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە جێندەرناسی.

e) رێکخستنی وۆرك شۆپ بە بەشداری پێکردنی شارەزایان و توێژەرانی ناسراو، لە سەر ئاستی نێودەولەتی.

٣.بەشی پێداچونەوە

a)درووستکردنی هەماهەنگی لەگەل لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان

b)پێداچوونەوەی ئەو یاسانەی، کە لە پەرلەمان دەردەچن، بە مەبەستی هەلسەنگاندنیان لە رووی جێندەرناسییەوە.

### دەستەی ئەکادیمی و بەڕێوەبەریی سەنتەر

ئیبراهیم مستەفا خدر : بەڕێوەبەری دارایی

لێلاف بالیسانی: یاریدەدەری جێندەرناسی لە (UN Women)

مێرەم سالم شێخ محمد: خۆبەخش













